# کورد لە بیرەوەرییەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دا*

## وەرگێڕانی:هێمن عومەر خۆشناو

سکالاَی ئەرمەنەکان 1891

شـتێکی پێکەنیناوییـە، کـە ئێمـە تۆمـەتبار دەکـرێین بـە سـزادانی ئەرمـەن‌و چـەپەرۆك بەسەرداهێنانیان، هـەر کەسێك لـە مێـژووی ئیمپراتۆرییەکەمانـدا گەشـتێکی بـە چـاوی خـۆی کردبێ، ئەوا بۆی دەسەلمێ کە ئەرمەنەکان هەمیشـە خـەڵکی دەوڵەمەنـد بـوون، ئەوانـەی کـە ڕاستییەکان دەزانن، لەوە دڵنیان کە ئەرمەنەکان لە ڕووی داراییەوە زۆر لە خەڵکی مسـوڵمانی ئێمە سەرکەوتووترن.

ئەرمەنەکان لە هەموو سـەردەمەکان بـەرزترین پۆسـتیان لـە دەوڵـەت وە ئەسـتۆ دەگـرت، لـە نێویشیاندا وەزیری ئـەعزەم هـەبوو، بـە هـیچ شـێوەیەك زیادەڕەوی نـەبووە ئەگـەر گـوتبێتم سێیەکی فەرمانبەران لە ئەرمەنەکانن، وێڕای ئەوەی خزمـەتی سەربازیشـیان لەسـەر پێویسـت نەبوو، کاروباریان وەك کاروباری خەڵك بوو، ئەو بڕە پارەی کە دەیدەنـە دەوڵـەت، پارەیـەکی ڕەمزییە، قەت بارتەقای ئەو کاتە نابێ کە مسـوڵمانان لـە خزمـەتی سـەربازیدا تێیـان پەڕانـد. بازرگانیی ئەرمەنەکان لە بارێکی زۆر باشـە، دواتـر توخـوا بەڕێوەبـەرێتی بـاج ئـەوانی گـەمارۆ دابـوو؟ هـەر بەوەنـدە نەوەسـتان کاتێك (عەبدولمەجیـد) لەسـەر پێشـنیاری (ڕەشـید پاشـا) ویسـتی یاسـای (ئیلتیـزام) نـەهێڵێ، ئەرمەنـەکان دژی وەسـتان‌و وازیـان لـە دەسـکەوتە باشەکانیان نەهێنا، بەرەنگاری ئـەو لابردنـە بوونـەوەو سـووربوون و وابـوو سـەرکەوتنیان بـە دەست هێناو هەموو شتەکان وەکوو خۆیان مانەوە.

جگە لە ئەرمەنەکان، ئەوانەی لە شاخەکانی کوردەکـان دەژیـان، ژیـانێکی ناخۆشـیان هـەبوو، ئەرمەنەکانیش دەوڵەمەندترینی دانیشتوان بوون‌و لەنێویشیاندا ڕۆمەکان، بەڵام بەراسـتی هـیچ گومـانی تێـدا نییـە ئـەو نەتەوەیـە دەزانـن چـۆن لـە سـەروەت‌و سـامانی وڵاتـی ئێمـە سـوود وەربگرن.

کۆچی ناوەخۆ1893

بۆ ئەوەی کار لەسەر ئـەوە بکـەین زەوییـە بەتاڵـەکانی ئیمپراتۆرەکـەمان ئـاوەدان بکرێنـەوە، پێویستە کۆچ بـە شـێوەیەکی چـاك ڕێـك بخـەین، چـونکە ناشـێ بگـوترێ کۆچـی جولەکـەکان شێوەیەکی ڕێکی هەیە، ئەو سەردەمە تێپەڕی کـە پـەیڕەوانی ئاینـە بێگانـەکان دەهاتنـە نێـو

کۆمەڵگای ئێمە هەروەك ئەوەیە چۆن درِك لە لاشەمان رادەچیَ، رازی نەبووین ئەوانە بێنە سەر زەوییەکانمان، مەگەر لە ئوممەتی ئێمە بوونو بەشداری بیروباوەڕمان بکەن، پێویستە دەست بە گرنگی دان بە بەهێزکردنی رەگەزی تورك بکەینو هەوڵ بدەین رێژەی مسوڵمان لە بۆسنەو هەرسكو بولگاریا لە رێگای کۆچکردنو نیشتەجێکردنیان زیاتر بکەین.
نابیَ قەت سوودی ئەم کۆچکردنە تەنیا لەسەر زیادبوونی توانای نیشتمانی کورت بکرێتەوە، بەڵکو رێخۆشدەکا بۆ زیادبوونی توانای ئابووری لە ئیمپراتۆرییەتەکەمان، هەروەك زۆر پێویستیشە رەگەزی تورك لە ولاَتی رۆم بەگشتیو بەتایبەتی ئەنادۆلَ بەهێز بکریَو خزمایەتی لەگەلَ کوردەکان دروست بکەینو بیانخەینە پالَ خۆمان، گەورەترین هەڵە کە دەسەلاَتدارانی پێشووی تورك کردیان بریتی بوو لە هەولَ نەدانیان بۆ نزیك خستنەوەی رەگەزی سلاڤیو عوسمانییەتەکەیان. لە راستیدا ئەمە ئاسان نەبوو، لە کاتێکدا تێکەڵکردنی رەگەزی رۆمی بە رەگەزی ئەرمەنی کارێکی ئاسانە، بەلاَم سوپاس بۆ خوا خوێنی ئێمە توانی لەسەر سەرکەوتنی خۆی بمێنێتەوە.

## لە مەترسییەکانی 1876–1878

چۆن دەبیَ من پشت بە پیاوانی وەك (مەدحەتو روشدی و نوری) ببەستم، ئاخر ئەم دوانەی کۆتایی خزمی عەبدولعەزیزی مامم بوون، ئەمانە لە لایەك سووربوون لەسەر ئەوەی ناوم بنێن خاوەن توانا (صاحب الشوکە)و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد بەم دەستوورە دەسکەوتی گەورەو شارستانی بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەدەست دێنن! ترحێو توخوا کارێکی پێکەنیناوی نییە؟!
ئەگەر تۆ دەگەلَ گورگان دابووی دەبیَ بشلوورێنی، بە چاوپۆشی کردن لە باشو خراپەکان. دەبیَ ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس المبعوثان) بکەمەوەو دەستوور رابگەیەنم، بۆ ئەوەی پیشانی بدەم کە من کارێکی گرنگم ئەنجام داوە.
دوای پێکهێنانی سوپای کوردەکان (سوارەی حەمیدی)، رۆژنامە ئەوروپاییەکان رەخنەی سوتێنەریان دەگرت، کە گوایە کوردەکان بە پێکهێنانی ئەو سوپایە هەڵسوکەوتە نامرۆڤەکانیان بە دژی ئەرمەنەکان زیاتر دەبیَ، ئەم رۆژنامانە ترسیان لەوە بوو کوردەکان شۆڕشێك هەڵبگیرسێننو سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن.
دیارە رۆژنامەکان لەو بابەتانە دەگەڕانو لەسەر هەموو شتێك دەیاننوسی، راست بوایە یان درۆ، پەیامنێرەکانیش لە تێڕوانینی ئەرمەنەکانەوە لەسەر بارودۆخی کوردستانیان دەنووسی، بیَ ئەوەی خۆیان ماندووبکەنو لە ماڵە خۆشەکانیان لە ئەستەمبۆلَ بێنە دەرەوە.

هەندێ لە پاشایەکانیش رەخنەیان لە پێکهێنانی سوپای کوردەکان گرت، رەخنەکانیان لە ئیرەییەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە ئەم سوارانە سەر بە (زەکی پاشا)ی فەرماندەی پێشووی سوپای چواری ئەرزەڕۆم بوون.

ئەگەر شەڕ لەگەڵ رووس قەوما، سوپای راهێنراوی کوردەکان باش راهێنراون، دەتوانن خزمەتی گەورە بکەن، پاشان ئەو گوێڕایەڵییەی ئەوان هەیانە سوودی زۆری بۆیان دەبێ، هەرچی سەرکردەکانیشانن کە پلەی سەربازیمان پێ بەخشی بوون، دەبوونە جێگای فەخرو شانازییان، ئەوان هەوڵ بۆ حکومەتو دۆستایەتی دەدەنو رۆژێك دێ ئەو سوارەی حەمیدییە نامێنێو دەبێتە سوپایەکی گرنگ.

من ئەوە دەزانم لەسەر ئەوەی هەندێ رۆڵەی سەرۆکە کوردەکانم وەك فەرمانبەر لە پایتەخت قبوڵ کردووە، تووشی رەخنە هاتووم. خۆ بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەرمەنەکان پۆستی وەزارییان هەبوو، ئاخر بۆ چ زەرەرمان پێدەگات، ئەگەر کوردەکان لە خۆمان نزیك بکەینەوە، خۆ ئەوان دین برامانن؟ دواتر تەواو تووشی رەخنە بوومەوە لەبەر ئەوەی بنەماڵەی بەدرخانییەکانم پاراستووە، کە ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەدرخانییەکان مەترسییان لەسەر ئاسایش هەیە، هەموو کەسیش ئازادە لە بیرکردنەوەدا!

بەڵام پێم وایە ئەو سیاسەتەی کە من لەبارەی کوردەکانەوە گرتومە بەر منی ئازارداوە. زەکی پاشا ئەو کارانەی باش دیراسە کردبوو، بۆیە بیرۆکەی پێکهێنانی سوپای سوارانی کوردی خستە ڕوو، ئەم بیرۆکەیەش باشترین رێگا بوو، ئێمە لە هەموو کارێك رووبەڕووی رەخنە دەبینەوە، بۆیە پێمان وابوو ئێمە لەو شێوە رەخنانە راهاتووین.

<u>کوردو ئەرمەنەکان:</u>

ناکرێ نکوڵی لەوە بکرێ کە ئەرمەنەکان لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتدا لە سکالاکانیان هەقدارن، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە لەنێو ئەو سکالایانەدا زیادەڕەوی هەیە، وەك ئەوە وایە ئەوان هاوارو ناڵەیان بێو کەس هەستیان پێ نەکا، ئەوان نەتەوەیەکی ترسنۆکن، وەك ژنان نازو گۆز دەکەن، خۆیان بە وڵاتە گەورەکان دەپارێزن، بە هەر هۆکارێك بێ قیژەو ناڵەیەتیان.

بەڵام کوردەکان پێچەوانەی ئەوانن، بەهێزو رەشیدن، توندو تیژو شوانکارەن، لە کۆنترین سەردەمەوە لەو ویلایەتانە ژیاون، ئەوان وەك بێگانە سەیری ئەرمەن دەکەن، بۆیە کوردەکان گەورەو ئەرمەنەکانیش بەندەی گەورەکانن.

**سەرچاوە:**

مذكرات السلطان عبد الحميد

المؤلف: عبد الحميد-محمد حرب، مكتبه المصطفى الالكترونيه.

---

* (ئـەم نووسـینەی خـوارەوە هـەڵهێنجراوی وێنـەی کـوردو بەرجەستـەبوونی کـوردە لـە بیرەوەرییـەکانی سـوڵتان، هەرچـۆنێك باسـکرابێ، وەك تۆمـارێکی مێـژوویی گرنگـی خـۆی هەیـە، بۆیـە لـە کـۆی سـەرجەمی بیرەوەرییەکانی سوڵتان، لە هەر شوێنێك ناوی کوردو باس و خواسی کـورد هـاتبێ هەوڵمانـداوە تـەنیا ئـەو شوێنە وەربگێڕینە سەر کوردی)

تێبینی/ لە گۆڤاری گزنگ بڵاوبۆتەوە.